# ڕەخنەی ڕەخنە

## خوێندنەوەی کتێبی دامەزراندنی بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ ڕەخنە

حسێن لەتیف
(دەربەندیخان)




١

بوون خۆی دەقە، کانت لە کتێبی ڕەخنەی عەقڵی پەتیدا، بوون دابەش دەکات بەسەر ”فینۆمین ”جیهانی دەرکەوتە و ”نۆمین“جیهانی شت وەک ئەوەی هەیە . ئەوەی بۆ مرۆڤ دەردەکەوێت بە تەنیا ڕواڵەتی بوونە، دیاردەیە، نۆمینە بەشە نادیارەکەیەتی، خۆی بۆ مرۆڤ دەرناخات. هەموو کەس ناتوانێت تێی بگات. بابەتی (باڵانواڕی، متعالی، Transendntall)ین، بابەتە ترانسێندێنتاڵەکان وەک خودا، ڕوح، نەمری، بە ئاسانی نابرێنە ناو زمانەوە، ئەوە ئیشی فەیلەسووفەکانە گفتوگۆیان لەبارەوە بکەن. خودا و مرۆڤ لەناو بووندان، مرۆڤی ڕەسەن/ دازاین پرسیار لەبارەی بوونەوە دەکات، نیگەرانی بوونە.

دەقیش بوونە، نووسەر نیشتەجێی ناو ئەو بوونەیە، ماڵی ئەو لەو بوونەدایە، خوێنەریش وەک نووسەر ماڵی لە زماندایە، نووسەر خۆیشی خوێنەری بوونە، بەو شێوەی نووسەر تێگەیشتنی خۆی، پرسیاری خۆی بۆ بوون دەخاتە ڕوو، دەیەوێت لە بوون تێبگات، خوێنەریش دەیەوێت لە دەق وەک بوون تێبگات، ئەگەر ئەرکی فەیلەسووفەکان گفتوگۆکردن بووبێت لەبارەی بابەتی نۆمین و ترانسێندنێتاڵەکان، ئەوە ئەرکی خوێنەر تێگەیشتنە لەبەشی نادیار و ژێرەوەی دەق، ئەمەش بە ”خوێنەری ڕەسەن“ و ”ڕەخنەگری ڕەسەن” دەکرێت، دوو زاراوەن لە کتێبی ”دامەزراندنی بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ ڕەخنە. ڕەخنە کردەیەکە لەناو بیرکردنەوەدا سەرهەڵدەدات، بەبێ بیرکردنەوە ناتوانین بڵێین کایەیەکمان بەناوی ڕەخنەوە هەیە. دەشێت ئەدەب، هونەر، بوونیان هەبێت بەو پێیەی هەست ڕۆڵی لە بەرهەمهێنانیاندا هەیە، بەڵام ئەمە بۆ ڕەخنە مەحاڵە. ڕەخنە بیرکردنەوەیە لە دەق و کارە هونەرییەکان، بەرهەمە ئەدەبی و هونەرییەکان بابەتن

بـۆ بیرلێکردنـەوەی ڕەخنەیـی. ئەگـەر (سۆسـە – حدس) بریتـی بێت لـەو قۆناغـەی تێیـدا تێڕوانینەکان دەگوێزرێنـەوە بـۆ قۆناغـی چەمکانـدن و بیرۆکـە دروسـتکردن لـە بارەیانـەوە، ئـەوە دەشـێت ڕەخنـە بـە جۆرێـک لـە جـۆرەکان ڕۆڵـی چەمکاندنـی تێڕوانینـە حەدەسـییەکانی نـاو دەق ببینێـت. مێـژووی ڕەخنـە، مێـژووی ڕەخنەکردنـی دەقـەکان بـووە، مێـژووی ڕەخنەکردنی ژانرەکانـی شیعر و دراما و ...تاد بووە. مێـژووی گێڕانـەوەی تـەوژم و قوتابخانـە ئەدەبییـەکان بـووە. ئـەوەی کـە فەرامـۆش کـراوە ڕەخنـە خـۆی بـووە وەک کایەیـەک. ئـەوەی کـە پێویسـتە ڕەخنـە بگرێـت خـودی ڕەخنـە خۆیەتـی، ئەمـەش لەپێنـاوی کردنـەوەی زیاتـر لـە ئاسۆیەک لەبـەردەم بیرکردنـەوە خـۆی و بیرکردنـەوە لـە دەقـدا. ڕەخنـەی ئەدەبـی، ڕەخنەکردنـی گوتـاری دەقـە، بـەڵام ڕەخنـەی ڕەخنـە، ڕەخنەکردنـی ئـەو چوارچێـوە و دیدگایانەیـە گشـتی بوونەتـەوە، ڕەخنەکردنـی گوتـاری ڕەخنـە خۆیەتـی، کـە دەشـێت بـە میتاڕەخنـەی نـاو ببەیـن.

٢

سـێیینەی دەقنـووس، دەق، خوێنـەر، پێویسـتی بەخوێندنەوەیەکـی تـر هەیـە، چونکـە هیچیـان بەبێ ئـەوی تریـان بوونێکـی ڕەسـەنی نابێـت، هەرسـێکیان لەپێوەندیـدان لەگـەڵ یەکتـردا. ناکرێـت دەقنـووس سـەنتەری قسـەکردنی ڕەخنەیی بێت و دەق و خوێنەر فەرامـۆش بکرێـت، وەک چـۆن ناشـکرێت دەق بـە تەنیـا سـەنتەر بێـت، دەقنـووس و دەق لێکتـر دابـڕاو نیـن، دەق تێگەیشـتنی دەقنووسـە، خسـتنەڕووی تێڕوانینـی دەقنووسـە، بـۆ تێگەیشـتن لـە دەق پێویسـت بـە مراندنـی دەقنـووس نـاکات وەک بـارت مردنەکـەی ڕاگەیانـد، وەک ئـەوەی فۆرمالیسـتەکان دەیانکـرد، دەقیـان تەنیـا بـە بوونێکـی پەتـی زمانەوانـی دەزانـی، یـان بەسـەنتەرکردنی خوێنـەر و لـە بەرچاونەگرتنـی هەمـوو ئـەو مانایانـەی دەقنـووس بـە دەقـی بەخشـیون.

کتێبـی (دامەزراندنـی بنەمایەکـی ئۆنتۆلۆجـی بـۆ ڕەخنـە) (١). هەوڵێکـە بـۆ دامەزراندنـی دیدێکـی نـوێ بـۆ ڕەخنـە، ئەمـەش لـە ڕێگـەی ڕەخنەکردنـی ئـەو دیدگەیانـەوە دەق و دەقنـووس و خوێنەریـان لێـک جیـا کردووەتـەوە. هەرێـم عوسـمان پێـی وایـە "دەق و دەقنـووس و خوێنـەر لـە گفتوگـۆدان، ناچنـە نـاو ململانێـی یەکتـرەوە" (٢). تیـۆرە ڕەخنەییـەکان لـە فۆرمالیسـتەکانەوە، بـۆ ڕەخنـەی مارکسـی و بـۆ هێرمۆنتیـکا، هەریەکەیـان یەکێـک لـە سـێینەکەیان بـە سـەنتەرکردووە و دووانەکـەی تریـان فەرامـۆش کـردووە. دەشـێت لەیـەک کاتـدا ئـەو مانایانـە بدۆزینـەوە نووسـەر بـە دەقـی بەخشـیوە، ئـەو مانایانـەش ببینینـەوە دەق خـۆی هەڵگریانـە، خوێنـەر خۆشـی مانـای جیـاوازی پێببەخشـێت. بـەو جـۆرە دەق لـە تـاک واتـاوە دەگوێزێتـەوە بـۆ فـرە واتایـی. بـە سـەنتەرکردنی یەکێـک لـەو سـێیینەیە، زیندانکردنـی دەقـە لـە واتایەکـی سـنووردار و دیاریکـراودا. زاڵکردنـی مانایـەک و گوتارێـک و چەپاندنـی گوتـار و مانـای تـرە. دەقنـووس خـودای دەق نییـە، چونکـە مامەڵـە لەگـەڵ زمانـدا دەکات، زمانیـش دەقنـووس نەیخوڵقانـدووە، بەڵکـوو کاری تێداکـردووە، لـە ڕێگـەی مامەڵەکـردن لەگـەڵ زمـان جیهانێـک بنیـاد دەنێـت، لەگـەڵ خوێنـەر پێکـەوە تێیـدا نیشـتەجێ دەبـن. ئەگـەر بـوون لـە ڕێگـەی هەبـوون درک بکـرێ، یـان بـوون خـۆی بـۆ هەبـوون دەربخـات، ئـەوە دەق ئـەو جیهانەیـە دەقنـووس و خوێنـەر، هەبـووە جیاوازەکانیـن. دەق جیهانێکـی تەواونەکـراوە، لـە ڕێگـەی پرۆسـەی خوێندنـەوە و تێگەیشـتنەوە هەوڵـی تەواوکردنـی دەدرێـت، بـەڵام خوێندنـەوە جیـاوازەکان ناهێڵـن دەق بـگات بـە کۆتایـی خـۆی. ئەگـەر ئێمە لـە سـێیینەی دەقنووس،

دەق، خوێنەر، هەریەک لەوانەمان کرد بە سەنتەر ئەوە جیهانی دەق سنووردار دەکەین. ئەوەی لە نێوان دەق و دەقنووس و خوێنەردایە بە گفتوگۆی نێوانیان ناو دەبەم دەربارەی جیهانێکی تەواو نەکراو. "بوون بەبێ ئەم هەبووە ناناسرێت" (٣) لە تاریکیدا دەمێنێتەوە، بەڵام هەرگیز مانای نەبوونی ناگەیەنێت. ئەگەر دەق وەک بوون سەیربکەین ئەوە تا ساتی خوێندنەوەی، بوونێکە لە تاریکیدایە، خوێنەر دێت و ئاشکرای دەکات. بەو شێوەی هەبوون/ دازاین لەبارەی بوونەوە وەک زێدی خۆی پرسیار دەکات، خوێنەر ئەو هەبووەیە پرسیار لە دەق دەکات. هیچ دەقێک نییە ڕووی لە خوێنەر نەبێت، هەموو دەقێک چاوەڕوانی خوێنەرێکە ژیانی پێ ببەخشێت. بوون خۆی دەقە، بەڵام ئەوە هەبووەکانە بوون دەگۆڕن بۆ جیهان. گۆڕینی بەردێک بۆ پەیکەر، دار بۆ بێشکە، گڵ بۆ گۆزە، واتە سازکردنی جیهان لە بوون.

سازکردنی جیهان لە بوون، واتە دەستکاریکردنی بوون، بوون وەک شتێکی ناتەواو بێت، هەبوو لەڕێگەی بە هونەرکردنییەوە هەوڵی تەواوکردنی دەدات. دەق بوونێکی ناکامڵی هەیە، لە تاریکیدایە، ڕەخنە دەیهێنێتە ڕۆشناییەوە. بوونێکی بێ گیانە، ئامێرێکی ئیش پێ نەکراوە وەک ئەمبێرتۆ ئیکۆ دەڵێت: (چاوەڕوانی خوێنەرێکە بیخاتە ئیش) (٤). بەو شێوەی بوون پێویستی پێ هەبوو، دازاینە قسەی لەبارەوە بکات،دەقیش پێویستی بە دەقنووسە بەرهەمی بهێنێت، پێویستی بە خوێنەرە بیهێنێتە ڕۆشناییەوە. "لەسەر بنەمای ئۆنتۆلۆجی تێکست بەبێ نووسەر و خوێنەر گریمانە ناکرێت" (٥). ئۆنتۆلۆجیا، چەمکێکە لە فەلسەفەی هایدیگەر خواستوویەتی، بۆ دامەزراندنی ڕوانگەیەکی جیاواز بۆ ڕەخنە. ئەو چەمکە گرنگی بە لێکۆڵینەوە لە بوون دەدات، هایدیگەر پێی وایە بوون فەرامۆشکراوە و ئەوەی گرنگی پێ دراوە هەبوونە.

هەرێم عوسمان، دەیەوێت بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ ڕەخنە دابمەزرێنێت، ئەمەش لە ڕێگەی ڕەخنەکردنی ئەو قوتابخانە ڕەخنەییانەوە کە سێیینەی دەقنووس، دەق، خوێنەر بابەتە بەردەستیانە، بەڵام هەمیشە ڕەگەزێک لەو ڕەگەزانە لە پرۆسەی خوێندنەوە و تێگەیشتن لە دەقدا فەرامۆش دەکەن. ڕەخنەگرتنی هایدیگەر لە مێژووی فەلسەفە لەو ڕوانگەیەوە بایەخیان بە (هەبوو/ ئۆنتیک) داوە و (بوون/ ئۆنتۆ)یان فەرامۆش کردووە. هەرێم عوسمان لە هەوڵی سەلماندنی ئەوەدایە مێژووی ڕەخنە، مێژووی ئۆنتیکە نەک ئۆنتۆلۆجی. بەباوەڕی ئەو سێیینەی دەقنووس، دەق، خوێنەر لە جووڵە و پێوەندی دیالەکتیکیدان لەگەڵ یەکتر.

لە پێشەکی کتێبەکەدا کە دوکتۆر محەمەد کەمال نووسیویەتی، بەر دەستەواژەی (مرۆڤی ڕەسەن) دەکەوین و ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، مرۆڤ بە ناڕەسەنی نایەتە بوونەوە، بەڵکوو لەلایەن کولتووری باوەوە ناڕەسەن دەکرێت و تێکەڵی مێگەل دەکرێت. هەرێم عوسمان کاتێک دەستەواژەیەکی وەک (خوێنەری ڕەسەن) بەکاردەهێنێت، لەپێناوی دامەزراندنی بنەما ئۆنتۆلۆجییەکەی ڕەخنەدایە کە خۆی لەهەوڵیدایە. ئەگەر مرۆڤی ڕەسەن و ناڕەسەن هەبێت، ئەوە دەبێت خوێنەری ڕەسەن و دەقنووسی ڕەسەنیش هەبن.

خوێنەری ڕەسەن، ڕەخنەگری ڕەسەن، نووسەری ڕەسەن لای هەرێم عوسمان سێ دەربڕینن، خوێنەری ڕەسەن ئەو خوێنەرەیە پرسیار لە دەق دەکات، بەو شێوەی دازاین پرسیار لەبارەی بوونەوە دەکات، "دەق بە چاوێکی بەرژەوەندیخوازانە ناخوێنێتەوە، بەڵکوو وەک ئەوەی کە هەیە دەیخوێنێتەوە" (٦).

خوێنەری نارەسەن لە دەقدا بەدوای سوودە ئایدۆلۆژی و ڕامیارییەکانی خۆیدا دەگەڕێت. خوێنەری ڕەسەن بەدوای ئەوەدا دەگەڕێت دەقەکە چی لەخۆیدا هەڵگرتووە، چی گوتووە، دەیەوێت چی بڵێت. ڕەخنەگری ڕەسەن لە دەقدا بە دوای نیازەکانی خۆیدا ناگەڕێت، بەڵکوو بە نیگەرانییەوە ڕوو لەدەق دەکات و دەق دەکاتەوە. ئەگەر ئەرکی فەیلەسووفەکان گواستنەوەی بابەتە ترانسیندێنتاڵەکان بێت بۆ ناو زمان، ئەوە هەرێم عوسمان ئەرکیکی هاوشێوەی ئەوە بە ڕەخنەگری ڕەسەن دەسپێرێت. نووسەری ڕەسەن بە نیگەرانییەوە دەق دەنووسێت. تێگەیشتنی خۆی لەبارەی بوون و چارەنووسی بوونەوە دەخاتە ناو دەقەوە. لەکاتێکدا نووسەری نارەسەن بە گوێرەی داواکاری خوێنەر و بازاڕداری خانەکانی بڵاوکردنەوە دەنووسێت، ڕووبەر و سپێتی پڕدەکاتەوە. ئەو سێ دەربڕینە گرنگییەکی زۆریان بۆ دامەزراندنی دیدی ئۆنتۆلۆجی بۆ ڕەخنە هەیە، پێویستی نووسینی کتێبەکە وا دەخوازێت بەر لە خوێندنەوەی کۆنتێکست، بە جیاواز پێناسە بکرێن، بەڵام ئەوە نەکراوە، بەڵکوو خوێنەر لە ناوکۆیی دەقدا خۆی دەبێت پێناسەی ئەو دەربڕینانە بدۆزێتەوە و ڕێکیان بخاتەوە.

٣

هەموو پرۆژەیەکی تیۆری پێویستی بە زاراوە و چەمکی تایبەت بە خۆی هەیە، هەرێم عوسمان لەوەدا درکێکی بە هێزی هەبووە، بەکردەوەش هەوڵی بۆ داوە، زاراوەگەلێکی وەک نووسین/ تێکست، بنووس / نووسەر، خوێنەری ڕەسەن/ نارەسەن، ڕەخنەگری ڕەسەن/ نارەسەن جێگیر بکات و هەوڵی پێناسەکردن و چەمکاندنی داون. بەدەربڕینی ئەو تێکستە جیاوازە لە نا تێکست، ناتێکست بریتییە لە قەتارەبەستنی وشە بەدوای یەکتردا، بەبێ ئەوەی "پەیوەست بن بەو بابەتەی بڕیارە باس بکرێت" (٧).

هەموو نووسینێک دەقە، بەڵام مەرج نییە دەقی داهێنەرانە بێت، چونکە پێکەوەبەستنی چەند ڕستەیەکیش دەتوانن دەق پێکبهێنن، بەڵام ئەوەی نووسینێک لە ئاستی دەقێکی لاوازەوە بۆ ئاستی دەقێکی داهێنەرانە دەگوێزێتەوە، ئەو پرسیار و نیگەرانیانەیە کە گوتاری دەقەکە پێکدەهێنن. ئەو زمانەیە پرس و نیگەرانیی دەخاتە ڕوو. بخوێن، خوێنەر، خوێنەری ڕەسەن. لەناوکۆیی کتێبەکەدا بەر ئەو زاراوانەش دەکەوین، بخوێن کەسێکە شەیدای بابەتە سادە و دووبارە و ئینشائییەکانە، کەسێکە توانایی چوونە ناو قووڵایی دەقەکانی نییە. خوێنەر کەسێکە لە گوتاری باوی ڕەخنەییدا، دەقنووسی لەپێناودا لەکار خراوە و وەک جێگرەوەی دەقنووس جێگیرکراوە، بەڵام خوێنەری ڕەسەن کە هەرێم بەکاری دەهێنێت، ئەو دوو ئاستەی تێدەپەڕێنێت. دەق بۆ خوێنەری نارەسەن ئاوێنەیەکە خۆی تێدا دەبینێتەوە، بەڵام خوێنەری ڕەسەن ئەوی تری تێدا دەبینێت، هەوڵی تێگەیشتن و ناسین دەدات. ڕەخنەکردنی ڕەخنە، لە کتێبی (دامەزراندنی بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی) تەنیا لە ڕەخنەکردنی فۆرمالیست و بنیادگەری و ڕاڤەکاریدا نەوەستاوەتەوە، بەڵکوو قسە لەسەر ڕەخنەی کوردییش دەکات. ئەو لە هەوڵی ڕەتکردنەوەی بابەتێکدایە بەناوی ڕەخنەی کوردییەوە، چونکە ڕەخنەی کوردی بە (بوون/ دازاین) بوونی ڕەسەنەوە دەبەستێت، کە دەشێت ئەم بەشەیان بە بەشی پراکتیکی کتێبەکە ناو ببەین. بۆ سەلماندنی نەبوونی ڕەخنەی کوردی دەپرسێت:" ئایا گومان و پرسیاری ئەوەی کە دازاین و تاکی کورد ڕەسەنانە دەژین و بیردەکەنەوە

و پێوەندی بەدنیاوە دەگرن نایەتە ئاراوە" (٨)، پاشان بە وردبوونەوە لە نەریتی کۆمەڵگەی کوردی دەگات بەو باوەڕەی ئازادی و بیرکردنەوە بەهایەکی ئەوتۆیان نییە، بۆیە ڕەخنەی کوردی بوونی نییە! ئەم حوکمەی نووسەر حوکمێکی ڕەهایە، چونکە کۆمەڵگەی کوردی لە هەوڵی دەربازبوون لە نەریت و شەیدایی بۆ پرسیار و ئازادی خاڵی نییە. هەموو حوکمێک پێویستی بە سەلماندن هەیە، لەم ڕووەوە تیۆری قوڵنگەکان لای کارڵ پۆپەر کۆمەکمان دەکات خۆمان لە حوکمدان بە دوور بگرین، پوختەی تیۆرەکەش ئەوەیە: "هەموو قوڵنگەکان سپین هەڵەیە" (٩)، دەشێت لەجێگەیەکی ئەم جیهانەدا قوڵنگێک هەبێت و ڕەنگی ڕەش، یان ڕەنگێکی تری هەبێت. بۆ نموونە ئەم هەوڵەی نووسەر خۆی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت مرۆڤ هەیە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕەسەنانە دەژێت.

هەرێم عوسمان بوونێکی ڕەسەنانەی خۆی دەرخستووە، چونکە خۆی لە ڕێگەی بیرکردنەوە و گومانکردنەوە، هەوڵی هەڵوەشاندنەوەی ئەو گوتارە ڕەخنەییە دەدات زیاتر لە سەد ساڵ تەمەنێتی. لەو ڕوانگەیەوە ناکرێت بەرمەبنای نەریتی کۆمەڵگە حوکم بەسەر ڕەخنە و ڕەخنەی ئەدەبیدا بدەین. لەناو ڕۆشنبیریی کوردیدا ئێمە ڕەخنەی ئەدەبیمان هەبووە، ئەگەرچی گرفتمان لەگەڵ ئەو سەرەتایانەدا هەیە لە پرۆگرامەکانی خوێندندا بۆ سەرهەڵدانی ڕەخنەی ئەدەبی کوردی دیاریکراون. گرفتمان لەگەڵ تێگەیشتنەکان بۆ ڕەخنەی ئەدەبی هەیە، چونکە شەپۆلی سیاسی چەپ زاڵبوو، ئەو سەرەتا و تێگەیشتنانەش بۆ ڕەخنەی ئەدەبی ئێمە دیاری کراون و خرانە ڕوو، لەناو پرۆگرامەکانی خوێندندا لە کاریگەری ڕەوتی چەپ بەدەر نەبوون. تێگەیشتنی هەرە زاڵ بۆ ڕەخنە ئەو تێگەیشتنە بوو ڕەخنەی بەسەر ڕەخنەی بنیادنەر و ڕەخنەی ڕووخێنەردا دابەش کردبوو. ئەرکی ڕەخنەگریش بۆ دیاریکردنی لایەنی بەهێز و لاوازی دەق و ڕێنوێنیکردنی دەقنووس بۆ دووبارە نەکردنەوەیان کورتکرابووەوە! بەڵام ئەو تێگەیشتنە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەمەوە، لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو نەوە خوێندەوارەی ئێمەدا کە دواتر هەوڵەکانیان لە گۆڤارەکانی ئازادی و ڕەهەنددا بەرجەستە بوو، کۆتایی پێ هات.

دامەزراندنی بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ ڕەخنە و ڕەخنەی ئەدەبی پرۆژەیەکی مەعریفی (هەرێم عوسمان)ـە، پاش تێپەڕینی ساڵانێک بەسەر چاپی یەکەمی کتێبەکەیدا، هێشتە پرۆژەکەی لە خەیاڵی ئەودا هەر تازە و نوێیە، بۆیە لە ساڵی ٢٠٢٥دا جارێکی تر، لەژێر ناوێکی تردا "ڕەخنە و ڕەخنەی کوردی" پرۆژەکەی دەخاتەوە ڕوو، ئەم جارەیان بێجگە لە هەوڵێکی چڕ و قووڵ بۆ دامەزراندنی بنەمای ئۆنتۆلۆجی بۆ ڕەخنە کە لە کتێبی یەکەمدا بینیمان دوو بەشی تری بۆ زیاد کردووە بە ناوی:

١- ڕەخنە و ڕەخنەی کوردی

٢- ڕەخنەی ڕەخنەی کوردی.

لە بەشی یەکەمدا نووسەر واتا و پێناسە فەرهەنگییەکانی ڕەخنە لە زمانی یۆنانی و عەرەبیدا خستووەتە ڕوو، ئەمەی وەک مەرجێکی ئەکادیمی نووسین کردووە، لە بەشی دووەمدا باس لە کاریگەری کولتووری میللی لەسەر تێگەیشتن بۆ ڕەخنە دەکات، بەرهەمی ئەو کاریگەرییەش نەبوونی تێگەیشتنێکی دروستانە بۆ ڕەخنەی ئەدەبی بووە، تەنانەت بە نموونە هێناناوە لە شیعری ئەحمەدی خانی، نالی، شێخ ڕەزا هەوڵی سەلماندنی هەژاریی تێگەیشتن لە ڕەخنەی ئەدەبی کوردی لە ماوەی

چەند سەد ساڵێکدا دەدات.

لە بەشی دووەمدا سەرەتایەکی تر بۆ ڕەخنەی ئەدەبی لە ڕووبەری ڕۆشنبیریی کوردیدا دەستنیشان کردووە، ئەو سەرەتایەش وتارەکەی (شێخ نووریی شێخ ساڵەح)ـە، کە ساڵی ١٩٢٦ لە ڕۆژنامەی (ژیان) (١٠)دا بڵاوکراوەتەوە. لە وتارەکەدا ئەو شاعیرە پێناسەی شیعری کردووە و دیدی خۆی بۆ جوانیناسیی خستووەتە ڕوو. ئەم سەرەتایەی هەرێم عوسمان دیاری کردووە، کۆتایی بەو تێڕوانینە دەهێنێت کە کەشکۆڵە ئەدەبییەکانی وەک ئەنجوومەنی ئەدیبانی ئەمین فەیزی و (گوڵدەستەی شوعەرای هاوعەسرم)ی عەلی کەمال باپیری کردبوو بە سەرەتای ڕەخنەی ئەدەبی کوردی.

یەکێک لەو خاڵانەی نووسەر لەم هەوڵەیدا دەستنیشانی کردووە "دووری گوتاری ئەدەبی و گوتاری ڕەخنەییمانە لەیەکتر" (١١). ئەم خاڵەی نووسەر وەک هۆکارێکی لاوازیی ڕەخنەی کوردی باسی کردووە، ڕاستتر و ڕوونتر قسە بکەین پێوەندی بە تێنەگەیشتنی بەشێک لە شاعیران و نووسەرانی ئێمەوە هەیە، ئەوان لەوە تێناگەن کە ڕەخنە خۆی کایەیە، بەو جۆرەی شاعیران گوتاری شیعریی خۆیان بنیاد دەنێن ڕەخنەگریش گوتاری خۆی بنیاد دەنێت.

خاڵێکیتر کە پێویستە بە هەند وەربگیرێت، بریتییە لە نەبوونیی تێڕوانین چ بۆ شیعر و چ بۆ ڕەخنە، نەبوونی تێڕوانینیش بۆ غەریبی بەشێک لە شاعیران و نووسەرانی کورد بە فەلسەفە دەگەڕێتەوە. بەهۆی دوورییان لە فەلسەفەوە نەیانتوانیوە تێگەیشتنیان بۆ ڕەخنە هەبێت، چونکە ڕەخنەی ئەدەبی بەباوەڕی من وەک خوێنەرێک لە باوەشی فەلسەفەوە هاتووەم، ئەمەش بەو بەڵگەیەی قسەکردن لەسەر شیعر و دراما ڕووبەرێکی زۆری لە ناو دیالۆگە فەلسەفییەکانی یۆناندا هەبووە، هەتا گەیشتووەتە سەر هایدیگەر، کە نووسەری هاوڕێمان بە سوود وەرگرتن لە چەمکی ئۆنتۆلۆجیای هایدیگەر هەوڵە مەعریفییەکەی خۆی خستووەتە ڕوو. غەریبی شاعیر و نووسەر بە فەلسەفە یەکسانە بە غەریبیی بە بیرکردنەوە، چونکە هیچ دەقێکی ئەدەبیی بەبێ ڕوانینێکی فەلسەفییانە نەیتوانیوە هێز و کاریگەیی خۆی بەدەست بهێنێت، بە هەمان شێوە ڕەخنەگرانیش پێویستیان بە ڕوانینی فەلسەفییانە هەیە، چونکە فەلسەفە فێری پرسیار و بیرکردنەوە و تێگەیشتنمان دەکات. بۆ تێگەیشتن لە دەق. پێویستمان بە پرسیار و بیرلێکردنەوە و تێگەیشتن هەیە، بەبێ تێگەیشتن لە دەق ناتوانین گوتاری ڕەخنەییمان دابمەزرێنین.

**پەراوێزەکان:**

١- هەرێم عوسمان، دامەزراندنی بنەمایەکی ئۆنتۆلۆجی بۆ ڕەخنە، چاپخانەی چوارچرا، چ١، ساڵ ٢٠١٨.

٢- هـ. س. پ. ل١٩-٢٠

٣- هـ. س. پ. ل٣٥

٤- حسێن لەتیف، دەق لە چاوەڕوانی خوێنەردا، گۆڤاری ڕامان، ژ٢٤٤، ل٩٣-٩٨، ساڵ ٢٠١٧.

٥- هەرێم عوسمان، هـ، س، پ، ل٣٨.

٦- هەرێم عوسمان، هـ، س، پ، ل ٥٠.

٧- هەرێم عوسمان، هـ،س،پ، ل٦٩.

٨- هەرێم عوسمان، هـ، س، پ، ل١١٦.

٩- کاروان کاکەسوور، سادەنووسی لە ئاستی پرسیار و ڕاڤەدا، ل ٩٩-١٠٠، ساڵ ٢٠٢٥.

١٠- هەرێم عوسمان، ڕەخنە و ڕەخنەی کوردی، چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕەهەند، ل٤٥، ساڵ ٢٠٢٥.

١١- هەرێم عوسمان، هـ، س، پ، ل٣٥.